# شانۆیی
# سمکۆڵانی ئەسپەشی

شەفیق محەمەد



**دیمەنی یەکەن**

(دیوەخانی سەلیم بەگ.. سەلیم بەگ بەتەنهایە، تووڕەو شپرزەیە)

**سەلیم بەگ:** ئەوانە چین؟! تێناگەم! خەریکە شێتوهار دەبم، ئەوە چەندجارە لەشکریان دەکەینە سەرو لەجیاتی ئەوەی ئاسەواریان نەهێڵین‌و تەفروتوونابن، کەچی بەگژ لەشکردا دەچن‌و تێکی دەشکێنن.. نازانم پاش ئەم هەموو تێکشکان‌و نوشوستیە چۆن لەڕووم بێ لەبەردەم سوڵتانی مەزندا سەرهەڵبڕم، ئەو بەڵێنی پێدام بمکاتە راوێژکاری خۆی ئەگەر من ئەو یاخیبووانەی بۆ لەناوبەرم‌و بیانتوێنمەوە..بەڵام.. نا.. هەر دەبێ بیانتوێنمەوە.

(حەمە پاڵەوان دێتە ژوورەوە)

**حەمەپاڵەوان:** سڵاو بەگم، قوربان داوای منت کردبوو؟

**سەلیم بەگ:** گوێبگرە حەمەپاڵەوان، دەزانی بۆ چیم بانگ کردوویت؟

**حەمەپاڵەوان:** ئەمربکە گەورەم.

**سەلیم بەگ:** دەبێ بەزووترین کات لەشکرێکی گەورەو بێشومار ئامادەبکەین‌و پەلاماری ئەو

یاخیبووانە بدەینەوە. سەرکردایەتی ئەمجارەی ئەو لەشکرەش بەتۆ دەسپێرم. جابزانم پاڵەوانێتی خۆت دەنوێنی؟

**حەمەپاڵەوان:** بەگم ئەگەر روخسەت بفەرموویت شتێکی گرنگ هەیە حەزدەکەم باسی بکەم.

**سەلیم بەگ:** فەرموو.

**حەمەپاڵەوان:** بەگم ئەوەی تا ئێستا ئەو یاخیبووانەی هێشتووەتەوەو وایلێکردوون لەسەر ئاژاوەنانەوە بەردەوام بن ئەوەیە خاوەنی ئەسپەشێن، ئەگەر ئەسپەشێیان لەناودانەبووایە نەیاندەتوانی ئەم هەموو ساڵە بمێننەوەو درێژە بەئاژاوەگێری بدەن.

**سەلیم بەگ:** وەکو پێم ووتی ئەمجارە لەشکرێکی وایان دەکەینە سەر کە خۆیان‌و ئەسپەشێیان بۆ هەتا هەتایە راماڵێ.

**حەمەپاڵەوان:** بمبەخشە بەگم ئەگەر بڵێم ئێمە بەو رێگەیە ناتوانین لەناویان بەرین.

**سەلیم بەگ:** چۆن؟! ئەی؟ مەبەستت روونبکەرەوە.

**حەمەپاڵەوان:** بەگم تا ئەوان خاوەنی ئەسپەشێ بن، خەڵکی دەستە دەستە روویان تێدەکەن‌و لەدەوریان کۆدەبنەوە، تا ئەوان بەسەرپەرشتی ئەسپەشێوە بچنە مەیدانی جەنگەوە، ئەگەر خەڵکی هەموو دونیا لەدژیان هەستن زەفەریان پێنابەن.

**سەلیم بەگ:** تێناگەم دەتەوێ بڵێی چی؟

**حەمەپاڵەوان:** بەگ سەلامەت بێ. ئەگەر بمانەوێ یاخیبووان لەناوبەرین‌و ئاسایش بگەرێنینەوە وڵات، دەبێ پێش هەمووشتێ ئەسپەشێیان لەدەست دەربێنین، ئەگینا شەڕکردن‌و هێرشبردن هیچ ئەنجامێکی نابێ.

**حەمەپاڵەوان:** بۆ هەر زەبروزەنگ هەیە؟! ئەی فێڵ‌و ئۆین، ئەی ساختەو تەڵەکەبازی؟

**سەلیم بەگ:** تێنەگەیشتم.

**حەمەپاڵەوان:** تێتدەگەیەنم بەگم. دەبێ کەسێکی لەخۆبردوو، فێڵباز بنێرینە ناویان یان سەری خۆی دابنێ یان ئەسپشێ بدزێ‌و بیهێنێ.

**سەلیم بەگ:** جا تۆ کەسی وا شك دەبەیت؟

**حەمەپاڵەوان:** ئەگەر پاداشتێکی بەنرخ‌و گران بۆ ئەم کارە تەرخان بکەین ئەوا ئەو کەسە پەیدا دەبێ، جا چی دەفەرموویت؟

**سەلیم بەگ:** پاداشت ئاسانە. بەڵام دەترسم ئەمە بەهیچ ئەنجامێکمان نەگەیەنێ.

**حەمەپاڵەوان:** بەگم ئەوە بۆ ئێمە هیچی تێناچێ. دڵنیات دەکەم ئەوە تاکە رێگەیە بۆ نەهێشتن‌و بنەبڕکردنی یاخیبووان‌و ئاژاوەگێڕان. خۆ ئەوان رۆژێ بێ‌و ببینن ئەسپەشێیان لەناودا نەماوە، ئەوا بێ سێ‌ودوو، خۆ بەخۆ دەتوێنەوەو بڵاوەی لێدەکەن‌و دەگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی جەنابت.

**سەلیم بەگ:** کەواتە رای تۆ ئەوەیە لەشکر ئامادە نەکەین.

**حەمەپاڵەوان:** بەپێچەوانەوە.. رای من ئەوەی لەسبەینێوە دەستبکەین بەسەربازگیری‌و بڵاویشی دەکەینەوە، بەم نزیکانە پەلاماریان دەدەینەوە، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی سەریان لێ‌چەواشە بکەین‌و نەیانپەرژێتە سەر هیچ.

**سەلیم بەگ:** هەروا دەکەم. نامەش بۆ بەگ‌و ئاغایانی دەرودراوسێمان دەنێرم، تا هاریکاریمان بکەن‌و لەشکریان بنێرن. سوڵتانیش خوا پایەداری بکات سێسەد سەربازی سوارەمان بۆ دەنێرێ.

**حەمەپاڵەوان:** ئەمەیان بۆ؟

**سەلیم بەگ:** تا ئەگەر ئەوەی تۆ سەری نەگرت، بەزووترین کات لەشکریان بکەینەوە سەر، دەبێ ئەمجارە بەهەر جۆرێ بووە کۆتایی بەیاخیبووان‌و ئاژاوەگێڕان بێنین، ئەمە بەڵێنێکەو بەسوڵتانی مەزنم داوە خوا پایەداری بکات.

(تاریکی)

**دیمەنی دووەم**

(لایەك لەباخچەی كۆشكی سەلیم بەگ، مانگەشەوە، خەلیل بەئەسپایی‌و ترسەوە دێتە باخچەكەوە. لەپنا درەختێكدا دەوەستیٚ، وەكو بولبول یان هەر مەلێكی‌تر دەخوێنیٚ.. چاوەڕیٚ دەكات، جارێكی‌تر دەخوێنیٚ، بەملاولای خۆیدا دەڕوانیٚ‌و بۆ سێیەم جار دەخوێنیٚ، گێلاس دەردەكەویٚ‌و بەرەولای خەلیل دەچێت)

**خەلیل:** ئەوە بۆ وا درەنگ هاتی؟

**گێلاس:** بڵێم چی؟ خەلیل مانگەشەوە، دنیا رووناكە، بابچینە ژێر دارەكە نەكا یەكێك بمانبینیٚ (دەچنە ژێر درەختەكە).

**خەلیل:** مەترسە. رەنگە ئەمە دواجار بیٚ یەكتربببینین.

**گێلاس:** بۆ؟!

**خەلیل:** (وەڵام ناداتەوەو پەست‌و پەشێو دیارە)

**گێلاس:** خەلیل ئەمشەو باش نایەیتە بەرچاوم، خۆ ناساغ نیت؟

**خەلیل:** نەء. ناساغ نیم.

**گێلاس:** ئەی چیتە؟ پەست دیاری لەبەرچاوم.

**خەلیل:** چۆن پەست نەبم گێلاس گیان.

**گێلاس:** خێر. چی بووە؟

**خەلیل:** خێری چی، بەڵایەكی گەورە.

**گێلاس:** خوا نەكا، توخوا ئەگەر پێم نەڵێی چی روویداوە؟

**خەلیل:** گێلاس گیان. من فەوتام، من تیاچووم.

**گێلاس:** خەلیل چی بووە؟ پێم بڵیٚ بەندی دڵم بچڕا. دەقسە بكە.

**خەلیل:** دوێنیٚ شەو كاتیٚ كاروانەكەی باوكم لەئەستەمبوڵەوە بەبارێكی قورس‌و گرانبەهاوە دەگەڕێتەوە، لەڕێگە دزو جەردەیەكی زۆر ئەدەن بەسەر كاروانەكەدا. كاروانچیەكان دەكوژن‌و كاروانەكە بەتاڵان دەبەن.

**گێلاس:** جێی داخە.

**خەلیل:** چی پارەوپولی دەبیٚ دەیدات بەشتومەك، هەموو سەروەت‌و سامانی باوكم ئەو كاروانە دەبێت.

**گێلاس:** هەواڵێكی ناخۆشە.

**خەلیل:** ئێستا تێگەیشتی بۆ فەوتام؟ بۆ رەنگە ئەمە دوا یەكتربینینمان بیٚ؟

**گێلاس:** ئەم قسەیە یەعنی چی! رەنگە ئەمە دواجار بیٚ یەكتربببینین!!

**خەلیل:** ئیتر من چۆن لەڕووم بێت لەئاستی تۆدا سەرهەڵبڕم. من هەموو ئەوەی هەم بوو لەدەستمدا.

**گێلاس:** شێتە، ئەوە تۆ دەڵێی چی؟! بۆ من تۆم بەسەروەت‌و سامانەوە دەوێت؟! من كە تۆم خۆشویست نەمزانی كوڕی كێی، كە دوایش زانیم كوڕی بازرگانێكی گەورەو دەوڵەمەندی ئەوە هیچی لەخۆشەویستییەكەم زیاد نەكرد بۆت، ئێستاش كە ئەمە روویداوە، بەلامەوە گرنگ نییەو هیچ لەخۆشەویستیم كەم ناكاتەوە بۆت.

**خەلیل:** بەڵام باوكت، سەلیم بەگی باوكت خەڵكی بەسەروەت‌و سامانەوە خۆشدەویٚ، سەروەتەكەت چەندبیٚ ئەوەندەی خۆشدەوێیت، زۆرتری بكەیت، زۆرتری خۆشدەوێیت.. لەدەستی بدەیت، لەدەستت دەدات.

**گێلاس:** تۆ چیت داوە بەسەر باوكمەوە. من خۆم حسابم.

**خەلیل:** ئەگەر وامان بەسەر نەهاتایە هەر رۆژیٚ بمناردایەتە خوازبێنیت باوكت رازی دەبوو. بەڵام ئێستا كە سەروەتەكەم نەماوە وا هەست دەكەم تۆشم لەدەستداوە.

**گێلاس:** بۆ خەلیل سەروەت‌و سامانەكەت بەلاوە لەپێشترە وەك لەمن؟!

**خەلیل:** بەلای منەوە نا.. بەلای..

**گێلاس:** ئێستا تۆ وات ووت. چاك بزانە، نەك ئەوەندە دەوڵەمەند بوونایە هەموو سەروەتی دنیاش هی ئێوە بووایە، ئەگەر خۆشم نەویستیتایە هەر خۆشم نەدەویستی.

**خەلیل:** گێلاس ئەوە تۆ..

**گێلاس:** لەو رۆژەی دایکم عەمری خوای کردووە ئەم ماڵەم لێبووە بەدۆزەخ، کەسێك نییە دوو قسەی خۆشم بۆ بکات، کەسێك نییە گوێم لێبگرێت. سەری زمانو بنی زمانیان پارەو سامانە، خەرجو باجە، سەرانەو موڵکانەیە، بەتەنها تۆ بوویت جار ناجارێك دێیتو دوو قسەی خۆشم بۆ دەکەیت، هێزو گوڕم پێدەبەخشیتەوە.. بەڵام ئەوەتا تۆش ئەمشەو بەزمانی ئەوان قسە دەکەیت!!

**خەلیل:** گێلاس گیان.. من..

**گێلاس:** تۆ چی؟

**خەلیل:** ئەترسم..

**گێلاس:** لەچی دەترسی، لەوەی باوکم نەمدات بەتۆ، مەترسە تۆ بنێرە خوازبێنیم..

**خەلیل:** بەڵام ئێستا بەم حاڵەوە بێمە خوازبێنیت، باوکت سەگم پێوە دەنێ.

**گێلاس:** تۆ بنێرە. ئەگەر رازی نەبوو، ئەوا..

**خەلیل:** ئەوا چی؟

**گێلاس:** سەری خۆمان هەڵدەگرین. دەڕۆین بۆ شوێنێك کەس نەماندۆزێتەوە. ووتت چی؟ (خەلیل بۆ ساتێك بێدەنگ دەبێت).

**خەلیل:** گێلاس گیان تۆ جارێ لەوەگەڕێ، من ئێستا هاتووم پێت رابگەیەنم سەفەرێکم لەبەرەو بۆ ماوەیەك لێت دووردەکەومەوە.

**گێلاس:** بۆ کوێ؟

**خەلیل:** کارێکی گرنگم هەیە، بەڵام دڵنیات دەکەم بەجۆرێکی وا دەگەڕێمەوە لات کە سەربەرزانە بتوانم بێمە خوازبێنیت.. ئێستاش بابڕۆم، وابزانم یەکێك بەرەو ئێرە دێت.

**گێلاس:** بەڵام خەلیل.. بۆ کوێ.. من..

**خەلیل:** دەگەڕێمەوە لات.. سەربەرزانە دەگەڕێمەوە.. خوا حافیز (دەڕوات).

**گێلاس:** خەلیل.. (کە خەلیل دەڕواتە دەرەوە، ئەمیش بەلایەکیتردا دەڕواتە دەرەوە) (حەمەپاڵەوان دێتە ژوورەوە.. ئەڕوانێتە ئەو دوو جێگەیەی ئەوانی لێچوونە دەرەوە، بزەیە دەیگرێتو دەچێتە دەرەوە).

(تاریکی)

**دیمەنی سێیەم**

(بارەگایەك.. مام رەسوڵ سەری بەرزدەکاتەوەو گوێ قوڵاغ دەبێ)

**مام رەسوڵ:** بۆنی هاتنەوەی ئەسپەشێ دەکەم.. ئەسپەشێ بەپڕتاو بەرەو ماڵەوە دێت، خوا بکات هیچ رووی نەدابێ. ئەسپەشێ هەدوو چاوانم خۆتو سوارەکەی سەرپشتت چ هەواڵێکتان پێیە وا بەپڕتاو دێن..

(دەنگی خرمو هوڕی سمی ئەسپ لەدوور دێت، دەنگەکە وردە وردە نزیکتردەبێتەوە).

ئەسپە شێ هەردوو چاوانم هەروەختێ دوژمن لەشکری کردبێتە سەرمانو لەگەڵیدا بەرانبەر بووبینەوە تۆ هێزو ورەت داوە پێمانو مژدەی سەرکەوتنت پێبەخشیوین، ترسو لەرزیشت خستووەتە دڵی دوژمنانەوەو تێکشکاون، بەڵام ئەوە ماوەیەکە نەخۆشی نەیهێشتووە وەکو جاران خزمەتت بکەم، کەمێك لاواز بوویت، بەڵام قەیناکا ئەسپەشێ بمبەخشە، هەر ئەوەندەی بکەومەوە سەرخۆم هەقت بۆ دەکەمەوە.

(دەنگی خرمو هۆڕی سمی ئەسپەکە نامێنێ، دەنگی حیلەی ئەسپەشێ دێت.. هۆگرو جەبارو

خورشید دێنە ژوورەوە.. سلاّو دەکەن، مام رەسولّ سلاّوەکەیان دەسەنێتەوە).

**هۆگر:** کاك رەشید تۆ بچۆ چەك‌و تەقەمەنی دابەش بکە بەسەر ئەوانەی کە تازە هاتوون.

**خورشید:** (زۆر چاکە قوربان (دەڕوات)

**مام رەسولّ:** هۆگر خێر چی روویداوە؟

**هۆگر:** هەوالّ لەشارەوە هاتووە سەلیم بەگ خەریکی کۆکردنەوەی لەشکرە، سەربازگیرییەکە هەر مەپرسە، بەنیازە بەم زووانە لەشکرێکی بێشوومارمان بکاتەوە سەر.

**مام رەسولّ:** ئەی قوڕ بەسەر عەقلّی. بەپشتی خوا ئاکامی ئەم پەلاماردانەشی هەر تێکشکان‌و نوشستییە.

**هۆگر:** ئەو نامەردە بۆ ئەوەی کاری ئەو هەموو سەربازە رایی بکات خەرج‌و باجی لەسەر هاولاّتیان دەقات زیادکردووە. ئەو خەلّکە هەر بەوەدا رادەگەن ئەوەی پەیدای دەکەن بیدەن بەخەرج‌و باج‌و سەرانەو شتی وا..

**جەبار:** عوسمانلیان سەلیم بەگیان کردووەتە داردەستی خۆیان چی لەبەرژەوەندییان بێ پێی دەکەن، چی سەروەت‌و سامانی ولاّت هەیە بەکێش دەکرێت بۆ ئەستەمبولّ، سەلیم بەگیش بۆ ئەوەی بەگایەتییەکەی لەدەست نەچێ هەروەکو سەگ کلکە لەقێیان بۆ دەکات.

**مام رەسولّ:** ئەوە سەلیم بەگ لەشکر کۆدەکاتەوە، ئەی ئێوە بەتەمان چی بکەن؟ هیچ مشورێکتان خواردووە؟

**هۆگر:** هەموو ئەو شوێنانەی بەسەر رێگەکەدا دەڕوانن ئێشکگرم لێداناون، ئاگادارم کردوون هەر ئەوەندەی لەشکری دوژمنیان بینی دەستوبرد هەوالّمان بدەنێ تا پێش ئەوەی ئەوان دەست بوەشێنن ئێمە هەلّکوتینە سەریان‌و بیانشکێنین، لەخوارێش لەدووسێ جێگە بۆسەیان بۆ دەنێینەوە. کاك جەبار تۆ بچۆ بەسەروکاری بۆسە نانەکەوە.

**جەبار:** بەلّێ باشە قوربان (دەڕوات)

**مام رەسولّ:** زۆر چاکە.. با چاو لەڕێگەکە خافلّ نەکەن..

(لەدەرەوە دەنگە دەنگ دێت.. جەوهەر پەلی خەلیلی گرتووەو دەیکات بەژووردا.. خەلیل جل‌وبەرگی شڕی لەبەردایە).

**هۆگر:** کاك جەوهەر فەرموو.

**خەلیل:** بۆ خاتری خوا بۆ وام لێدەکەن. چیتان لەمن دەوێ؟ بۆ وازم لێناهێنن؟ خراپەم؟! ناپیاویم! چیم کردووە؟

**هۆگر:** کاك جەوهەر مەسەلە چییە، خێر چی روویداوە؟

**جەوهەر:** ئەمڕۆ کەمالی مەیتەر ووتی (ئەوە دوو رۆژە کابرایەك بەدەوری تەویلەکاندا دەسوڕێتەوەو خراپ دیقەتی تەویلەکان دەدات. سەروسەکوتی لەپیاوچاك ناچێت، هاکا پەیدا بووەوە) چاوەڕێم کرد تا کەمال هاواری لێکردم ئەوە هاتەوە، دوورونزیك دوای کەوتم، سەیر دەکەم زۆر بەوردی بەتەویلەکاندا هەلّدەڕوانێ، یەکسەر دلّم لێکرمێ کردو لەدواوە پشت میلم گرت.

**هۆگر:** کابرا ناوت چییەو لەکوێوە دێیت؟

**خەلیل:** ناوم مورادەو خەلّکی شنۆم؟

**هۆگر:** بلّێ بزانم چیت دەوێ، چ کارەیت؟

**خەلیل:** قوربان، من مەیتەرم. شەوو رۆژم لەنۆکەری‌و خزمەتچێتی بەگ‌و خانانداا بەفیڕۆداوە. داخم ناچێ زۆر ئەسپی رەسەن‌و چابوکم بۆ بەگ‌و ئاغایان پەروەردە کردو جێی هیچی نەگرت، چەند بکەیت‌و خۆتیان بۆ بدەیت بەکوشت، هەر ئەوەندەیە تا ئیشیان پێتە. کە ئیشیان پێت نەما بێ قەیدو شەرت دەرت دەکەن. ئێستاش بۆیە رووم لێرە کردووە چونکە بەرگوێم کەوتبوو پیاوانی ئێرە

جەوامێرن، مەردن، ئازان، دۆستی هەژارو لێقەوماوانن، رێنادەن کەس هەقی کەس بخواتو کەس بەناڕەوا دەستدرێژی بکاتە سەر کەس.

**جەوهەر:** قوربان باوەڕی پێ مەکەن، لێی بپرسە، ئەگەر بەمەبەستێکی خراپ رووی لێرە نەکردووە، لەدەوری تەویلەکان چی دەکرد؟

**خەلیل:** خوا بناسە خوانەناس دەبێ بووترێت چیم دەکرد؟

**هۆگر:** کابرا جوان لەگەڵ ئەو پیاوەدا قسە بکە ئەوە کاک جەوهەرە، ئەویش سەرکردەیەکە وەکو من، لێپرسراوی ئەمنوئاسایشی ئەم ناوچەیە، دەتانەوێ بەئارەزووی خۆتان بێنو بچن، لێرە نابێ کەس بەبێ هۆ، بێ ئیش لەشوێنێکدا بوەستێو بسوڕێتەوە. بڵێ بزانم ئیشت چیبوو بەتەویلەکان، بۆ لەو ناوە دەسوڕایتەوە؟

**خەلیل:** قوربان کە چاوم کردووەتەوە خۆمم لەناو ئەسپدا بینیوەتەوە، باووباپیرانم مەیتەربوون، منیش لەوانەوە ئەم پیشەیەم بۆ مایەوە، هەر لەمناڵیەوە هۆگری ئەسپ بووم، وا هۆگریان بووم ناتوانم رۆژێك بێ ئەسپ هەڵکەم، منو ئەسپ بووینەتە برای یەکتر، لەدووری دە رۆژ رێوە بۆنی ئەسپ دەکەم، کە بۆنیان بەسەرمدا دێت. بەدەست خۆم نییە دەبێ بەرەو روویان برۆم، کە دەگەمە لایان حەزناکەم قەت دووربکەومەوە لێیان.

**مام رەسوڵ:** منیش هەروام، ئەسپ ناسی کارامە وایە.

**خەلیل:** خۆ ئەگەر لەئەسپ دووربم نەخۆش دەکەوم. رۆژ دوای رۆژ بێهێزو لاوازدەبم حەکیمی دنیا بێتە سەرم چارەم ناکات، بەڵام ئەسپێك، ئەسپێکی رەسەن ببینم دەبمەوە بەگوێزی ساغ. من مانو نەمانم بەئەسپەوەیە، ئەسپم لەدەوربێت دەژیم، لێم دووربێ دەمرم.

**مام رەسوڵ:** چەند جوان قسە دەکات، منیش هەروام، بێباوك، بێکوڕ، بێژن دەژیم بەڵام بێ ئەسپ ناژیم.

**خەلیل:** (روو لەجەوهەر دەکات) خۆ تێگەیشتی قوربان بۆ لەدەوری تەویلەکان دەخولامەوە. دوو شەووڕۆژ بەڕێوەبووم تا گەیشتمە ئێرە، هەر کە پێم نایە ئەم خاکەوە بۆنی ئەسپەکان رایان کێشام، بۆنەکە بردمی.. بردمی.. تا خۆم لەدەوری تەویلەکان بینیەوە، کە بۆنی ئەسپەکان هات بەسەرمدا چی ماندوویەتیو شەکەتی رێگا هەبوو هەموویم بیرچووەوە. کەچی لەدواوە پشت ملیان گرتمو هاتن بەگژما.

**هۆگر:** تۆیەکی نەدیوو نەناس بێیتە ئێرەو لەدەوری تەویلەکان بسوڕێیتەوە، ئەتەوێ نەتگرنو نەچن بەگژتا.

**خەلیل:** بەگژ منا؟! منێکی کڵۆڵو داماو.. خێر لەخۆ نەدیو، منێك کە لەهەموو ژیانما ئازاری مێرووڵەیەکم نەداوە، بیرم لەپیاوخراپی نەکردووەتەوە کەچی هەر خراپە هاتووەتە سەر رێم، ئازارو سزا بەشم بووە. ووتم ئەچمە ناو ئەوان لەوێ ژیانێکی بێ قڕەو بڕە دەبەمەسەر، بەئاسوودەیی دەژیم. ووتم من وەکو خزمەتی رەوە ئەسپی بەگو ئاغایان دەکەمو منەتم لێنازانن، بۆ نەچم خزمەتی ئەو میرخاسە، جوانە خاسانە بکەم، تاریفی ئێوەیان زۆر بۆ کردم پیاوێکی وا بەخشندە وا ئازاو بوێن وا دۆستی هەژارو داماوانن..

بەڵام دیارە من دوای کڵاوی بابردوو کەوتووم. قوربان چاکتر وایە من بڕۆمو سەری خۆم هەڵگرم. خوایە تۆ بۆ منت دروست کرد، بۆ ئەوەی چی ناخۆشیو تاڵی ژیان هەیە بیدەی بەمن. بۆ ئەوەی بمکەیتە گاڵتەچی خەڵکی، ئێ ئاخر بۆ؟! بۆ دەبێ من چارەڕەشو کڵۆڵ بم؟ گوناهم، خراپەم، بۆ کەس نامگرێتە خۆی؟ بۆ روو لەهەر کوێیەك دەکەم دەرم

دەپەڕێنن. هەر لەبەرئەوەی هەژارم، بیٚکەسم، ئیٚ دەبا کوڕی خانەدانو پیاوماقوڵێك بوومایە تا رووم لەهەر کوێیەك بکردایە بهاتنایە بەپیرمەوەو ئاوا تڕۆیان نەکردمایە. (دەیەویٚ بڕوات).

**هۆگر:** بۆ کویٚ؟

**خەلیل:** قوربان من بەهەڵەدا چووم، دیارە ئێرەش جێی کەسانی وەکو منی لیٚ نابێتەوە، بڕۆم سەری خۆم هەڵبگرم، خوا حافیز.

**مام رەسولٚ:** مەیەڵن بڕوات.

**هۆگر:** ئێرە پەناگای هەزاران ستەم دیدەو زۆرلێکراوی وەك تۆیە، بۆیە تۆ دەتوانی بمێنیتەوە. بەلاٚم ئەوەی بێتە ئێرە دەبیٚ ئیشێك بکات، نابیٚ کەس بیٚ ئیش دابنیشیٚ.

**خەلیل:** قوربان من لەهەموو ژیانما رۆژێك بیٚ ئیش دانەنیشتووم، هەر لەمنداڵییەوە تا ئێستا خەریکی بەخێوکردنی ئەسپ بووم، من ئەگەر رۆژێك ئیش نەکەم هەموو گیانم دائەهێزریٚ.

**هۆگر:** باشە تۆ جگە لەمەیتەری چ کارێکی‌تر دەزانیت؟

**خەلیل:** قوربان وەکو عەرزم کردیت من لەمناڵییەوە تا ئەمڕۆ مەیتەر بووم، هەموو تەمەنم لەئەسپ بەخێوکردندا بەسەربردووە، مەیتەری نەبیٚ هیچ ئیشێکی ترم نەکردووە.

**هۆگر:** موراد، لەوانەیە برسیت بیٚ، بڕۆ لەوبەر باخواردنت بدەنیٚ.

**خەلیل:** خوا دەست بەباڵتەوە بگریٚ قوربان. (خەلیل دەڕوات).

**مام رەسولٚ:** بیکەن بەمەیتەری ئەسپەکان، باخزمەتی ئەسپەکان بکات.

**جەوهەر:** بەڕاستتە مام رەسولٚ؟!

**مام رەسولٚ:** ئەی بۆ نا؟ ئەو کوڕە مەیتەرێکی کارامە دیارە.

**جەوهەر:** من وای بەباش دەزانم چی دەویٚ بیدەینیٚو بڕوات بەڕێی خۆیەوەو لێرە نەمێنیٚ.

**هۆگر:** بۆ؟ ئەی لەبیرت چووەوە ئێمە لەپێناوی ئەم بێچارانەدا دەجەنگین؟

**جەوهەر:** کاك هۆگر، من گومانم لێی هەیە.. یان ئەگەر رێگەیشی بدەین لێرە بمێنێتەوە، بۆ بیکەینە مەیتەری ئەسپەکان؟

**هۆگر:** چونکە لەو ئیشەدا زۆر شارەزایە.. لەمناڵییەوە تا ئەمڕۆ مەیتەر بووە.

**مام رەسولٚ:** ئەو کوڕە مەیتەرێکی کارامە دیارە، باخزمەتی ئەسپەکان بکات.

**جەوهەر:** کیٚ ئەڵیٚ وایە؟ چۆن دەبیٚ هەروا بەئاسانی باوەڕی پیٚبکەین؟

**هۆگر:** منیش هەروا یەکسەر نایکەم بەمەیتەر، تاقیدەکەمەوە؟

**جەوهەر:** چۆن؟

**هۆگر:** یەك دوو هێسترمان هەیە، ئەوەندە باریان کێشاوەو ئیشیان کردووە لەپێستو ئێسقان زیاتریان نەماوە، دەیاندەمە دەستی، ئەگەر چارەی کرد دەڵێی چی؟

**جەوهەر:** (بێدەنگە. لەبێدەنگییەکەی ناڕەزایی دیارە).

**هۆگر:** ترست لێی نەبیٚ. هەر شتێکی خراپ لەو کوڕە کەوتەوە هەموو لۆمەی من بکەن.

**جەوهەر:** برام ئێمە دەمانەویٚ هیچی خراپ روونەدات، کە روویدا لۆمەکردن چ فایدەیەکی هەیە! حەزدەکەم باش بیری لێبکەیتەوە. من ئەڕۆم، سەرێك لەئێشکگرەکان دەدەم.

**هۆگر:** زۆر چاکە. پێیان بڵیٚ چاو لەڕێگەکە خافڵ نەکەن، تاوێکی‌تر منیش دێم.

**جەوهەر:** بەڵیٚ باشە. (دەڕوات).

**مام رەسولٚ:** کە ئەو مورادە باسی خۆیو ئەسپی دەکرد وام دەزانی باسی من دەکات، ئەو کوڕە

مەیتەریی لەخوێنیایە. زۆر شارەزایە، لەدەستی نەدەیت.

**هۆگر:** منیش هەروای دەبینم، بەڵام خۆ گوێت لەجەوهەر بوو چی دەوت؟

**مام رەسوڵ:** جەوهەریش لەبەرژەوەندی هەمووان قسە دەکات، ئەو لەئەسپەشێ دەترسێ، ئەسپەشێ نەدۆڕێنن.

**هۆگر:** مام رەسوڵ: خۆت چاك ئەزانی ئەسپەشێ تا خۆمان جڵەوەکەی نەدەینە دەست کەسێك، بۆ قودرەت هەیە بچێت بەلایدا، بەجووتەو قەپاڵ پارچە پارچەی دەکات.

**مام رەسوڵ:** دە جڵەوی ئەسپەشێ مەدەنە دەست کەسێك تا باش تاقی نەکەنەوە.

**هۆگر:** دڵنیابە. با منیش بڕۆم بزانم دەنگو باسی تازە چییە؟ (هۆگر دەڕوات.. پاش تۆزێك دەنگی حیلەو خرمو هوڕی سمی ئەسپەشێ وردە وردە دووردەکەوێتەوە.

**مام رەسوڵ:** گیان.. گیان قوربانی دەنگی حیلەو خرمو هوڕی سمت بم.

(تاریکی)

**دیمەنی چوارەم**

(بەردەم تەویلەی ئەسپەکان.. کەماڵی مەیتەر لەبەردەم تەویلەکەدا دانیشتووەو شمشاڵ دەژەنێ و دەنگی حیلەی ئەسپەشێ دێ، مام سۆفی لەتەویلەکە دێتە دەرەوە).

**سۆفی:** مانگە شەوێکی خۆشە.

**کەمال:** ئای. ئەمشەو فێنکە.

**سۆفی:** ئەسپەشێ لەهەر کوێ بێ کە گوێی لەو ئاوازەی تۆ دەبێ دەکەوێتە سەماو سمکۆڵان.

(خەلیل دێتە ژوورەوەو دوو سەبەتە کای پێیەو بەرەو تەویلەکە دەچێت).

**شۆفی:** کوڕم بەسیانە.

**خەلیل:** ئەم دوو سەبەتەشیان بۆ دەبەم، توخوا بابرسی نەبن.

**سۆفی:** بەس ئەوەندە خۆت ماندووبکە، مردیت ئەوەندە هاتیت و چویت.

**خەلیل:** قەینا مام سۆفی گیان. گوێ مەدەرە ماندووبوونی من. من خۆشی لەو ماندووبوونە وەردەگرم، من ئەو وەختەم لا خۆشە خزمەتی ئەسپەکان بکەم. (دەچێتە ژوورەوە بۆ ناو تەویلەکە).

**سۆفی:** ئەوە بۆ مانگێك دەچێت ئەم کوڕە هاتووەتە ئێرە، دڵی کەسی عاجز نەکردووە نەباسی کەس دەکات و نەهەقی بەسەر کەسەوە هەیە، هەر خەریکی خزمەتکردنی ئەسپەکانە، کوڕێکی رۆح سوکە.

**کەمال:** (ئیشارەت بۆ تەویلەکە دەکات) لای کاك جەوهەر وا بڵێ.

**سۆفی:** جا بۆ چیتیایە؟ وەڵڵاهی مادام ئەوەندە ئیشکەرو بێدەنگە من خۆشمدەوێ.

**کەمال:** نا. لەبەر بێدەنگی و ئیشکەریەکەی نییە. لەبەر ئەوەیە کەوتوویەتە ئیسراحەتەوە جاران دەبووایە شەو نا شەوێك لێرە بمایتایەتەوەو ئێشکت بگرتایە، لەو رۆژەوەی موراد هاتووە هەموو شەوێك لەناو ماڵو منداڵی خۆتدا رۆژ دەکەیتەوە، ئیتر چۆن خۆشتناوێ.

**سۆفی:** نەخێر کەمال لەبەرئەوە نییە، چونکە تۆش وەکو من ئێستا هەموو شەوێك لەناو ماڵو منداڵی خۆتدا دەنوویت، ئەگەر مەسەلە ئەوە بووایە دەبووایە تۆش خۆشت بویستایە.

**کەمال:** من چارەیم ناوێ. کاك جەوهەریش چارەی مورادی ناوێ، ئەوەندەت زانی دەری کرد.

**سۆفی:** بڕوا مەکە. کاك هۆگر مورادی زۆر خۆشدەوێت، تۆ ئەو رۆژە لێرە بوویت چۆن کاك هۆگر بەوپەڕی خۆشەویستی و سۆزەوە دەیکێشا

بەسەرشانی مورادداو ئافەرینی دەکرد کە ئەو هێسترە لاوازانەی کردبووەوە بەچ هێسترێکی بەهێزو گوڕ، قسەی خۆشمان بیّ لەو ڕۆژەوە ئەو بۆتە مەیتەری رەوە ئەسپەکە، ئەسپەکان جوانترو چابوکتربوون. کاك هۆگریش خۆی ئەمە چاك دەزانیّ، ئیتر چۆن دەستی لیّبەردەدات، خۆشت دەزانی کاك هۆگر خۆی بالأدەستە.

**کەمال:** خۆی بالأدەستە؟ ئەی کاك جەوهەرو ئەوان؟ ئەی ئێمە؟

**سۆفی:** سووك قسە بکە، گوێیان لیّدەبیّ.

**کەمال:** بۆ؟ خۆ من قسەی ناهەقیم نەکردووە، ئێمە لێرە هەموو رەنج دەدەین‌و ماندوو دەبین، دەبیّ بەقەدەر ئەو ماندووبوون‌و رەنجدانە بۆمان هەبیّ قسە بکەین.

(خەلیل لەتەویلەکە دێتە دەرەوەو تەنەکەی ئاوی پێیە)

**سۆفی:** چی دەکەی کوڕم.

**خەلیل:** یەك دوو تەنەکە ئاوی تریان بۆ دێنم.

**سۆفی:** بۆچیانە کوڕم ئاویان زۆر لەبەردەمدایە، بەسە پشوویەك بدە لەبەیانیەوە بەپێوەی.

**خەلیل:** قەینا مام سۆفی گیان، خۆم حەزدەکەم، توخوا با ئەسپەکان تینوو نەبن.

ئەگەر ئێوە دەڕۆن، فەرموون بڕۆن ئۆغر بکەن، بۆ ئێوە درەنگی کرد.

**سۆفی‌و کەمال:** خوا حافیز.

**خەلیل:** خوا حافیزتان بیّ. (ئەوان دەڕۆن.. خەلیل بەتەنها دەمێنێتەوە) وەی گیانم دەرچوو، خۆم بەپێوە ناگرم، زۆر شەکەت‌و ماندووم. لەویّ مانگێکە لەتەویلەدا داڕزام. مانگێك من دەرسم وەرگرت دەربارەی ئەسپ پەروەردەکردن. لێرەش ئەوە مانگێکە هەروا دەژیم. هەموو جەستەم ژان دەکات. بەلأم چار نییە دەبیّ بەرگە بگرم‌و رابێم، دەبیّ ئەو کارانەی پێم دەسپێرن بەجوانی‌و بەدڵسۆزی جێبەجێیان بکەم، چی بڵێن، هەرچیەك بێت، دەبیّ بیّ سیّ‌ودوو رایپەڕێنم. هەروام کردووە. ئەی ئەگەر وام نەکردایە چۆن بەمانگێك ئاوا لەناو دڵیاندا جێی خۆم دەکردەوە.. ئەمەش (شوشەیەکی بچکۆلانە لەگیرفانی دەردەهێنیّ‌و سەیری دەکات) شوشەیەك ژەهر بیکەمە ئاوەکەی بەردەم ئەسپەشیّ.. ئای ئەسپەشیّ (یاری بەشوشەکە دەکات‌و لەدەستیدا هەڵیدەسوڕێنیّ) شوشەیەك ژەهر بۆ ئەسپەشیّ. (بەگاڵتەو پێکەنینەوە دەیخاتەوە گیرفانی‌و بەدوو تەنەکەی ئاوەکەوە دەچێتە دەرەوە.. مام رەسوڵ‌و هۆگرو جەوهەر لەناو تەویلەکەوە دێنە دەرەوە).

**مام رەسوڵ:** سێسەد سەربازی سوارە؟

**جەوهەر:** بەڵیّ، سوڵتان سێسەد سەربازی سوارەی بۆ ناردووە. بوونەتە بارێکی قورس بەسەرشانی ئەو خەڵکەوە، سەربازی عوسمانلی بەئارەزووی خۆیان دێن‌و دەچن. دزی دەکەن، تالأن دەکەن ئەوەی نەکراوە دەیکەن.

**هۆگر:** هیچ شتێك لەچاوەڕوانی کوشندەتر نییە، دەرنەکەوتنی لەشکرەکەی سەلیم بەگ بووە بەمەراقم، چۆن پەلاماری نەدا؟ تێناگەم؟ دەبیّ مەبەستی چی بیّ؟

**جەوهەر:** ئەو هەر بەردەوام لەشکر کۆدەکاتەوە، دیارە نیازیەتی ئەم کێوانەش تەخت بکات.

**مام رەسوڵ:** ئای هەش بەسەری (لەپڕ وەکو ئازارێکی زۆری بۆ بێت دەست بەدڵیەوە دەگرێت خەریك دەبیّ بکەویّ، هۆگر پەلاماری دەدات‌و ناهێڵێت بکەوێت).

**هۆگر:** مام رەسوڵ.

**مام رەسوڵ:** هیچ نییە. کەمێك هیلاکم خۆم بەپێوەناگرم.

**جەوهەر:** دانیشە، ئیسراحەت بکە.

**مام رەسوڵ:** کوڕینە. وا هەستدەکەم ئیتر کۆتایمەو ئەوەنەتان زانی بەلادا هاتمو لاربوومەوە.

وتم پێش ئەوەی بمرم باتێر بۆی ئەسپەکان، بۆنی ئەسپەشێ هەڵمژم جا ئەو وەختە ئەگەر بشمرم ئێوە خۆش.

**هۆگرو جەوهەر:** با شتێکتان پێبڵێم، ئەوە مانگ زیاترە ئەسپەشێ بێخزمەتە، کەمێك لاوازبووە، نەخۆشی دەرفەتی نەداوم بەباشی خزمەتی بکەم، بڕواش ناکەم تازە ببمەوە بەڕەسوڵەکەی جاران، جا من وای بەباش دەزانم ئەسپەشێ بدەینە دەست موراد، لەو باوەڕەدام ئەیکاتەوە بەئەسپەکەی جاران.

**جەوهەر:** مام رەسوڵ تکات لێدەکەم، کەست نەدۆزیەوە خزمەتی ئەسپەشێ بکات موراد نەبێ. ئەسپەشێ دەدەینە دەست مەیتەرێکی تریان.

**مام رەسوڵ:** بێ سوودە، چونکە بەهەموویان شارەزایی مورادیان نییە.

**جەوهەر:** بۆ خاتری خوا چۆن ئەسپەشێ بدەینە دەست کابرایەکی نەدیوو نەناس.

**مام رەسوڵ:** ئەو کوڕە نەدیوونەناس نییە. ئێستا ئەو بووەتە یەکێك لەئێمە.

**هۆگر:** جارێ با ئەوە بمێنێ، بابزانم مراد نیازی چییە؟! پێم دەڵێ یان نا؟

**جەوهەر:** چیت پێدەڵێ؟

(خەلیل بەدوو تەنەکە ئاوەوە دێتە ژوورەوە)

**هۆگر:** موراد مام رەسوڵ زۆرت لێڕازیە.

**خەلیل:** دەستەکانی ماچ دەکەم. قوربان لەو کاتەوەی هاتوون دەمەوێ دوو قسەت لەگەڵ بکەم، بەڵام سەرتان قاڵ بوو بۆیە حەزم نەکرد..

**هۆگر:** فەرموو موراد، بڵێ بزانم.

**خەلیل:** قوربان دوێنێ شەو کابرایەکی کەتەی چوارشانە هاتە لام ووتی موراد تۆ تاکەی وا دەژیت. لەهەموو ژیانتا خۆشیت نەدیوە، تامی ژیانت نەچەشتوە، هەموو تەمەنت لەنۆکەریو خزمەتکاریدا بەسەربردووە، ئەوەکەی ژیانە تۆ ژیاویت، مردن لەو ژیانەی تۆ باشترە، ووتی وەرە عاقڵبەو کارێك هەیە بیکەیت ئیتر لەوەودوا خۆش دەژیت. هەموو شتێکت دەبێ. پێویستت بەهیچ نابێو وەکو پاشایان دەژیت.

**جەوهەر:** دەی بەڵکو خوایە لەم کلۆڵیو داماویە رزگارت بێو بحەسێیتەوە.

**خەلیل:** لەوە کلۆڵترو داماوتریم ئەو ئیشە ناکەم.

**هۆگر:** بۆ موراد؟ ئیشەکەی چیبوو؟

**خەلیل:** قوربان ئەو کافر بابە (شوشەکە دەردەهێنێ) ئەم شوشە ژەهرەی داومەتێ ئەگەر بیکەمە ئاوەکەی بەردەم ئەسپەشێ تا بیکوژێ، بەقەدەر کێشی خۆم زێڕم دەدەنێ.

**مام رەسوڵ:** ئای لەو خوانەناسە. ئێ..

**خەلیل:** منیش لەدڵی خۆمدا ووتم با ئەو کابرایە بگرینو بەهۆیەوە هەموو دەستەو تاقمەکەی ئاشکرا بکەین، بەکابرای چوارشانەم ووت دووسبەی شەو تۆ زێڕەکانم بۆ بهێنە منیش بەبەرچاوی خۆتەوە ژەهرەکە دەکەمە ئاوەکەی بەردەم ئەسپەشێ، قوربان سبەی شەو دێتەوە، دەبێ نەیەڵین لەدەستمان دەربچێت. (شوشەکە دەداتە دەست هۆگر).

**هۆگر:** دەستخۆشی موراد.. تۆ جێی بڕوای منی.

(خەلیل بەدوو تەنەکە ئاوەکەوە دەچێتە ناو تەویلەکەوە)

**جەوهەر:** (بەسەرسوڕمانەوە دەڕوانێتە هۆگر)

**هۆگر:** ئێستا موراد چۆن بەلاتەوە.

**جەوهەر:** ئەو کابرایە نابێ لەدەستمان دەرچێ. دەبێ بیگرین.

**هۆگر:** تۆ لەو کابرایە گەڕێ.. موراد

**جەوهەر:** چۆن لێی بگەڕێم. کابرایەك بیەوێ ئەسپەشێ لەناوبەرێت، پارچە پارچەی دەکەم.

**هۆگر:** ئێوە خۆتان سەغڵەت مەکەن، ئەو کابرایە ئەسڵ و ئەساسی نییە.

**مام رەسول:** چۆن؟ یەعنی موراد درۆ دەکات.

**هۆگر:** نەء درۆ ناکات.

**جەوهەر:** چییە مەتەڵە؟

**هۆگر:** ئەو کابرایە رەجەبە زلەیە، خۆم ناردبووم تا موراد تاقیبکەمەوە.

**جەوهەر:** ئاوا! ئەی باشە لەوە نەترسای ژەهرەکە بکاتە ناو ئاوەکەوە؟!

**هۆگر:** نەء. چونکە ئەم شوشەیە ژەهری تیا نییە، دەرمانی ترە ترسی نییە. ئەوەم بۆیە کرد تا مورادمان بۆ ساغ بێتەوە، پیاو خراپە لەملی بدەین، پیاو چاکە لەدەستی نەدەین. ئێستا دڵنیابوویت لەوەی موراد چ پیاوێکی دڵسۆزو پاکە.

**جەوهەر:** نازانم.

**هۆگر:** هێشتا بڕوات پێی نییە.

**مام رەسول:** ئیتر ترستان لێی نەبێ.

(خەلیل بەتەنەکەی ئاوەکانەوە لەتەویلەکە دێتە دەرەوە)

**هۆگر:** موراد کارێکی گرنگت پێدەسپێرم دەمەوێ هەموو تواناو دڵسۆزی خۆتی تیا دەربخەیت.

**خەلیل:** قوربان من بۆ ئیشی تۆ سەرم پێوە نییە. ئەمر بکە.

**جەوهەر:** (پەلی هۆگر دەگرێ و دەیباتە لایەکەوە) کاك هۆگر تکات لێدەکەم جارێ واز...

**مام رەسول:** کاکە جەوهەر نیازپاکی و دڵسۆزی لەوە زیاتر! تکات لێدەکەم.

**جەوهەر:** من تکاتان لێدەکەم پەلە مەکەن.

**هۆگر:** باوەڕناکەم کەس بەقەدەر من دڵی بەئەسپەشێ بسوتێ. وازبێنە خۆم دەزانم چی دەکەم.

**خەلیل:** قوربان ئیشەکەت پێ نەووتم، بڕۆم؟!

**جەوهەر:** بەڵێ، تۆ بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە.

**هۆگر:** نا، نەخێر، مەڕۆ (دەگەڕێتەوە لای خەلیل) گوێبگرە موراد ئەوە ماوەیەکە هەستدەکەم ئەسپەشێ رۆژ لەدوای رۆژ لاوازتر دەبێ، هۆکەشی ئەوەیە خزمەتی تەواوی نییە، من دەیسپێرم بەتۆ تا خزمەتێکی چاکی بکەیت، دەمەوێ بەماوەیەکی کەم بیکەیتەوە بەئەسپەکەی جاران.

**خەلیل:** وەی بەسەر دیدەم قوربان، من تۆ بڵێی بمرە دەمرم، بژی دەژیم.

**جەوهەر:** کاك هۆگر تۆ خۆشت نازانی چی دەکەیت.

**هۆگر:** موراد تۆ جارێ بڕۆ بەلای ئیشی خۆتەوە (خەلیل بەدوو تەنەکەی ئاوەکەوە دەڕواتە دەرەوە) جەوهەر تۆ چۆن لەبەرچاوی موراد وا بەمن دەڵێی؟!

**جەوهەر:** تۆش کە من ووتم بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە، لەدژی من ووتت نا مەڕۆ.

**مام رەسول:** بۆ خاتری خوا ئەوە ئێوە چی دەڵێن؟! چیتانە؟!

**جەوهەر:** مام رەسوڵ ئێوە لەمن باشتر دەزانن ئێمە بەئەسپەشێوە بوونمان هەیەو دەتوانین درێژە بەخەبات بدەین.

**هۆگر:** تۆ ئەگەر خەمی ئەسپەشێتە دەبێ بزانی ئەسپەشێ ئێستا تەندروستی لەبارنییەو پێویستی بەچاودێری و خزمەتکردنە.

**مام رەسول:** موراديش مەيتەرێکی کارامەیەو دەتوانێ بەماوەیەکی زۆر کەم چارەی بکات. پێویستیش ناکات ترست لێی هەبێ، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ روویدا باشترین بەڵگەیە بۆ دڵسۆزی و پاکی ئەو کوڕە.

(خەلیل بەدوو تەنەکە ئاوەکەوە دێتە ژوورەوە)

**هۆگر:** وەرە موراد با جڵەوی ئەسپەشێت بدەمە دەست. (جەوهەر بەتوڕەییەوە دەڕوات).

**خەلیل:** قوربان داواکارییەکم لێت هەیە، بەڵام تو ئەو خوایە بیٚدڵیم مەکە.

**هۆگر:** ئادەی بڵێ بزانم.

**خەلیل:** قوربان راستە ئەسپەشێ لاواز بووەو پێویستی بەخزمەتە، دەزانم منیش دەتوانم بەماوەیەکی کەم چارەی بکەم، بەڵام تکات لێدەکەم ئەم ئیشە بەمن مەسپێرە، ئەسپەشێ بدەرە دەست مەیتەرێکی‌تر.

**هۆگر:** نەخێر موراد دەیدەمە دەست تۆو دەبێ تۆ خزمەتی بکەیت.

**خەلیل:** قوربان حەزناکەم بەهۆی منەوە ناخۆشی بکەوێتە نێوانتان، ئێوە برای یەکترن. ئەگەر دەمزانی دەبمە هۆی ئەم ناخۆشیەتان، سەد ساڵی تریش لەمەینەتی‌و کلۆڵیدا بژیامایە قیروسیام لەهەموو خۆشیەکی ژیان دەکردو رووم لێرە نەدەکرد، ئێستاش نەچووە بچێ، تکات لێدەکەم بابڕۆمو سەری خۆم هەڵبگرم.

**هۆگر:** موراد قسەی هیچ مەکە، یاخود بێزاربوویت لێمان؟

**خەلیل:** من لەئێوە بێزاربم قوربان! من ئەو وەختەم لا خۆشە خزمەتی تۆو رەوە ئەسپەکەت بکەم، من تا دنیا دنیایە خزمەتی تۆ بکەم. چاکەی تۆم بۆ نادرێتەوە.

**هۆگر:** ئەسپەشێ بکەیتەوە بەئەسپەکەی جاران، ئەوە وابزانە چاکەت داومەتەوە، دەی وەرە با جڵەوی ئەسپەشێت بدەمە دەست تا خزمەتی بکەیت.

**خەلیل:** بەڵام قوربان..

**هۆگر:** بەسیەتی وەرە. (هۆگرو خەلیل دەچنە تەویلەکەوە. دەنگی حیلەو سمکوتانی ئەسپەشێ دێت.. مام رەسوڵ لەپڕ ئازارێکی زۆر لەڕوخساری دیاری دەدات، دەستدەگرێ بەدڵیەوە، خۆی بەپێوەناگرێ، لەسەرچۆك دەکەوێت.. دەنگی حیلەی ئەسپەشێ).

**مام رەسوڵ:** گیان.. گیان قوربانی دەنگی حیلەت بم. (ئازارەکە زۆری بۆ دێنێ) هۆگر.. هۆگر..

(هۆگرو خەلیل بەپڕتاو لەتەویلەکە دێنە دەرەوەو دەچنە سەر لاشەی مام رەسوڵ.. هۆگر لەمردنی مام رەسوڵ دڵنیا دەبێت).

(تاریکی)

**دیمەنی پێنجەم**

(بەردەم تەویلەی ئەسپەکان.. شەوە.. خەلیل لەسەر جێگەی خەوتنی راکشاوە.. دوو کەس دێنە ژوورەوەو دەچنە سەر جێگەکەی خەلیل.. تێوەی دەژەنن)

**کەسی(1):** موراد.. موراد.. 0خەلیل سەری بەرزدەکاتەوەو کە ئەو دووکەسە خەنجەر بەدەستە دەبینێ رادەپەڕێتە سەرپێ‌و دەیەوێ هاوار بکات، دەمی دەگرن) بێدەنگ، هاوار بکەیت کوژراویت. دەنگ بەرزنەکەیتەوە.

**خەلیل:** بەڵێ.. بەڵێ باشە، چیتان دەوێ؟ بەخوا گوناحی منی تیا نەبوو، من ژەهرەکەم دەدا بەئەسپەشێ، بەڵام بڵێم چی ئەوان لەپڕ گرتیان.

**کەسی(2):** ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت؟ ژەهری چی‌و گرتنی چی؟ خەوت دەبینی؟

**کەسی(1):** دیارە خەوی دەبینی‌و خەوەکەمان پیٚبڕوە، بخەوەرەوە بابێتەوە خەوت. (خەلیل دەیەوێ راکشێتەوە، کەسی(2) تێوەی دەژەنێتەوە).

**کەسی(2):** هەستە. گوێبگرە بزانە بۆچی هاتووین.

**خەلیل:** فەرموون.

**کەسی(2):** زانیومانە جڵەوی ئەسپەشێیان داوەتە دەست تۆ. ئەمەش مانای وایە تۆ دەتوانی لێی نزیك بکەویتەوەو لەتەویلەش دەریبکەیت.

**خەلیل:** بەڵێ ئەسپەشێ لاوازبووەو داویانەتە دەست من تا خزمەتی بکەم.

**کەسی(2):** ئێمە هیچمان حەز بەدرێژدادڕیو چەنەبازی ناکەین، باپێت بڵێین بۆچی هاتووین.

**خەلیل:** فەرموون ئەمر بکەن.

**کەسی(2):** هاتووین تۆ ئەسپەشێمان بۆ بفرێنی.

**کەسی(1):** تۆش تەنها دوو رێگەو دوو پاداشتت لەبەردەمدایە، یان ئەسپەکەمان بۆ بفرێنیو لەپاداشتی ئەوەدا گەورەترین خەڵات وەربگریت، یان رازی نەبیتو ئاگاداریان بکەیتەوەو لەپاداشتی ئەمەشیاندا سەری خۆت لەجەستەت بۆ جیابکەینەوەو بیخەینە دەستتەوە بتنێرین بۆ لای مام رەسوڵ. جا ووت چی؟ کام رێگەیان هەڵدەبژێریت؟

**خەلیل:** ها.. نازانم.

**کەسی(1):** (خەنجەرەکە لەملی خەلیل نزیك دەکاتەوە) نازانم نییە. دەبێ رێگەیەکیان هەڵبژێریت (خەنجەرەکە لەملی دەسوێ) ئەم رێگەیان هەڵدەبژێری؟

**خەلیل:** نەء.. نەء.

**کەسی (1):** کەواتە رێگەی یەکەمیان هەڵدەبژێریت. ئەسپەشێمان بۆ دەفرێنیت.

**خەلیل:** ئاخر چۆن؟ بۆ کوێی دەرکەم.

**کەسی(2):** پێت دەڵێین، سبەی شەو لەنیوەشەودا ئەسپەشێ دەردەکەیتو بەرەو سێ چەمان دەیهێنی، تا ژێرداره زەردەکە مەوەستە، ئێمە لەو دەوروبەرە چاوەڕێت دەکەینو دوای ئەوە پێت دەڵێین بەرەو کوێی دەبەین.

**خەلیل:** ئەی باشە بۆ یەکسەر نایەن بۆ ئێرەو لێرەوە بیبەن بۆ ئەو شوێنەی دەتانەوێ.

**کەسی(1):** چییە موراد، دەتەوێ ئاگاداریان بکەیتو بەگرتمان بدەیت هەی (خەنجەرەکەی لێ بەرزدەکاتەوە).

**خەلیل:** بەخوا مەبستم ئەوە نەبوو، مەبەستم ئەوەبوو لەدەرکردنی ئەسپەشێدا یارمەتیم بدەن.

**کەسی(2):** موراد هاتنی ئێمە بێسودە،چونکە ئەسپەشێ ناهێڵی لێی نزیك بکەوینەوە. ئێمە ئێستا دەڕۆین. شوێنو کاتەکە باش تێگەیشتی؟

**خەلیل:** بەڵێ زۆر باش.

**کەسی(2):** کەی ئەسپەکە دەردەکەیت؟

**خەلیل:** سبەی شەو.

**کەسی(1):** بۆ کوێی دێنی؟

**خەلیل:** بۆ سێچەمان، ژێر دارە زەردەکە.

**کەسی(2):** لەچ وەختێکدا دەگەیتە ئەوێ؟

**خەلیل:** لەنیوەشەودا.

**کەسی(1):** زۆر چاکە، دەبا خۆمان بڕۆین، موراد ئەسپەکە نەهێنی، یان فێڵو ساختەی تیا بکەیت لەئێستەوە وا بزانە کوژراویت. بەڵام ئەگەر هێنات لەئێستاوە وا بزانە ماڵی دونیات بەسەردا رژاوە. ئێمە لای تۆمان خۆش.

**خەلیل:** ماڵی دونیا.. سەروەتو سامان.. موڵك.. پلەوپایەی بەگایەتیو دەسەڵات.. گێلاس.. دەترسم سەرم دانێمو بەهیچ یەکێك لەوانە نەگەم.. بەشەوەکەش ناهێڵن پشوویەك بدەم.. با ئێستا راکشێم. (رادەکشێتەوە).

(تاریکی)

**دیمەنی شەشەم**

(بەردەم تەویلەی ئەسپەکان.. لەناو تەویلەکە دەنگی هاواری کەمالو مام سۆفی دێت "فریاکەون" "فریاکەون" کەمالو مام سۆفی لەتەویلەکە دێنە

دەرەوەو هاوار دەکەن.. هۆگرو جەوهەرو جەبارو خورشیدو چەند کەسێکی‌تر دێنە ژوورەوە)

**کەمال:** کاک هۆگر.. کاک جەوهەر موراد ئەسپەشێ‌ی بردووە.

**هۆگر:** چۆن؟!

**جەوهەر:** ئەسپەشێ لەتەویلەکەدا نەماوە؟

**سۆفی:** نەخێر ئەسپەشێ لەتەویلەکەدا نەماوەو موراديش ديار نييە.

(هۆگر سیمای دەگۆڕێت، ووشك دەبێ‌و ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت)

**جەوهەر:** ئێستا دەڵێی چی، موراد پیاوێکی دڵسۆزو پاکە؟! وانییە.. ئەوەتا فەرموو ئەوەی من لێی دەترسام رویدا. قسەکانم هاتنەدی یان نا؟

(هۆگر سەر دا دەخات.. دادەنیشێ، سەری دەخاتە نێوان هەردوو دەستیەوە)

ئێستا مورادو ئەسپەشێ دێننەوە. بزانم چی لەموراد دەکەیت؟

**جەبار:** تازە موراد ئەسپەشێی بردەو جارێکی‌تر چاومان پێی ناکەوێتەوە.

**جەوهەر:** ئەی ئەگەر چاوتان پێی کەوتەوە؟

**هۆگر:** ئەو مورادە بەئازارەوە دەکوژم. ڕۆژی پارچەیەك گۆشت لەلەشی دەکەمەوە.

**جەوهەر:** نەء بیکەرەوە بەمەیتەری ئەسپەشێ.

**هۆگر:** جەوهەر چییە؟! گاڵتە ئەکەی؟

**جەوهەر:** بێ قەزابی گاڵتەی چی. ئەوەندەتان زانی موراديان بەدیلی هێنایەوە.

**ئەوان:** چۆن؟!

**جەوهەر:** ئەوانەی موراد ئەسپەشێیان بۆ دەبات لەخۆمانن، ئەم جارە من تاقیم کردەوە تا بۆت بسەلمێنم موراد ئا ئەو پیاوەیە.

(دەنگی خرمو هوڕی سمی ئەسپ دێت.. نزیکتر دەبێتەوە، تا دەنگەکە نامێنێ‌و کەسی(1)و(2) دێنە ژوورەوە).

**جەوهەر:** ئەی مورادو ئەسپەشێ‌؟!

**کەسی(1):** بۆ موراد ئەسپەشێی بردووە؟!

**جەوهەر:** ناشێ مورادتان نەگرتبێ‌؟!

**کەسی(2):** بەڕاست موراد ئەسپەشێی بردووە؟

**جەوهەر:** پێموتن کاتو شوێنەکەی بەباشی تێبگەیەنن، دیارە شوێنی بەیەکگەیشتنەکەتان بەباشی تێنەگەیاندووەو لێی تێکچووە.

**کەسی(1):** بڕیاربوو ئەسپەشێمان بۆ بێنێتە ژێر دارە زەردەکەی سێ‌چەمانو زیاد لەجارێکیش شوێنو کاتەکەمان بۆ دووبارەکردەوە.

**جەوهەر:** ئەی یەعنی چی؟! چی بەسەرهاتووە؟ خەریکە مێشکم دەتەقێ. دەبێ بەرەو کوێ ڕۆیشتبێ‌؟!

**هۆگر:** دیار وا سەرتان لێتێکداوە نەیزانیوە روو لەکوێ بکات. تاقیکردنەوە چۆن وا دەبێ.

**جەوهەر:** تۆ هەر قسە مەکە. ئەڵێی لەبیرت چووەتەوە ووتت ئەگەر موراد کارێکی خراپی لێوەشایەوە لۆمەی من بکەن. فەرموو بزانم لۆمەکردنی تۆ ئەسپەشێمان بۆ دێنێتەوە؟ فەرموو بزانم ئیستا چۆن ئەسپەشێ بەدەست دەخەیتەوە؟

**هۆگر:** تۆ کاری نابەجێ بۆ دەکەیت؟ بۆ بێ پرسی من ئەو کارەت کرد (پەلاماری جەوهەر دەدات.. جەوهەریش هەڵمەت دەباتو ئامبازی یەکتر دەبن).

**خورشید:** چی دەکەن؟! ئەوە ئێوە شەڕ دەکەن؟!

(هۆگرو جەوهەر لەیەکتر دەبنەوەو دوور لەیەکتر دادەنیشنو لەیەکتر مۆڕدەبنەوە)

**سۆفی:** (پاش ماوەیەك بێدەنگی) مادام ئەسپەشێمان لەناودا نەما، بابڵاوەی لێبکەینو لەوە زیاتر خۆمان ماندوو نەکەین. هەر کەسە بگەڕێتەوە بۆ زێدو مەڵبەندی خۆی.

**خورشید:** نامەردتان نەکەن، ئەوە دەڵێن چی؟

**جەبار:** چار هەر ئەوەیە. ئێمە تا ئێستا بەهۆی ئەسپەشێوە توانیومانە بمێنینەوە. مادام ئەسپەشێمان لەناودا نەما. مانەوەمان لێرە بێسودە.

**کەمال:** راستە مانەوەمان بیٚئەسپەشیٚ بێسودە، بەلاٚم چار ئەوە نییە بلاٚوەی لێبکەین، چارەیتر هەیە.

**کەسی(2):** چ چارێکیتر هەیە جگە لەخواحافیزیو گەردن ئازایی لەیەکتر.

**خورشید:** کوڕینە کەمال راست دەکات، چاریتر هەیە.

**هەموو:** چییە؟

**کەمال:** بەدەستخستنەوەی ئەسپەشیٚ.

**جەبار:** چۆن؟

**کەمال:** من هەر ئێستا دەڕۆم تا نەزانم ئەسپەشیٚ رووی لەکویٚ کردووەو تا نەیهێنمەوە ناگەڕێمەوە.

**خورشید:** منیش دێم.

**جەبار:** منیش.

**ئەوانیتر:** ئێمەش دێین.

**کەمال:** (دەگەشێتەوە) بابڕۆین.

(هەموو دەڕۆن، تەنها هۆگرو جەوهەر دەمێننەوەو لەشوێنەکانی خۆیانەوە لەیەکتر مۆڕدەبنەوە).

(تاریکی)

**دیمەنی حەوتەم**

(لایەك لەباخچەی سەلیم بەگ.. هەمان شوێنی دیمەنی دووەم. خەلیل جلوبەرگی خاوێنو نوێی لەبەردایەو شادمانە، گێلاش پەستو نیگەران دیارە)

**خەلیل:** ... ئا بەو جۆرە هەڵمخەڵەتاندنو ئەسپەشێم فڕاند، خۆبینیت چ بەزمێکم پێکردوون. وا دەزانم ئەمڕۆ لەدایك دەبم، ئەمڕۆ خۆشترین رۆژی ژیانمە، گێلاس گیان لەفیکەفیكو پسکەپسك رزگارمان بوو، ئەوە کەی خۆشەویستی بوو، ئیتر لەمەولا بەبیٚ ترس، لەهەرکویٚ حەزمان کرد یەکتر دەبینینو بەدەنگی بەرز چیمان بویٚت باسی دەکەین.

**گێلاس:** بەلاٚم من ئێستا دەنگم دەرنایەت، وا هەستدەکەم دەستێك لەبینەقاقام گیرکراوەو دەیەویٚ بمخنکێنیٚ.

**خەلیل:** بۆ؟ (گێلاس بێدەنگە) گێلاس چاوەکەم بۆ وا ماتی؟ چی پەستی کردوویت؟ دەبینم بەهاتنەوەم خۆشحاڵ نیت، تەنانەت بەخێرهاتنەوەشت نەکردم. لەو وەختەوەی هاتوومەتەوە رووت گرژکردووەو قسەیەکی خۆشم لیٚنەبیستوویت، دەبووایە ئێستا تۆ لەخۆشیا هەڵپەڕیتایە.

**گێلاس:** لەخۆشی چیدا؟!

**خەلیل:** لەخۆشی ئەوەدا خەلیلی خۆشەویستت بووە یەکەم پیاوی دونیا.

**گێلاس:** بەچی بووە یەکەم پیاوی دونیا؟!

**خەلیل:** بەوەی کە تا ئێستا هیچ کەسێك نەك هەر نەیوێراوە بچێت ئەسپەشیٚ بفڕێنیٚ، بەڵکو نەیوێراوە هەر بیریشی لێبکاتەوە. ئەو کارە مەزنەی من کردوومە لەدونیادا دەنگدەداتەوەو شایەرو بەیتبێژان دەیکەنە حیکایەتو دەماودەم دەیگێڕنەوە، تا دونیا دونیایە ناوم کوێرنابێتەوە.

**گێلاس:** بەسە مێشکم تەقی. ناتوانم لەوە زیاتر گویٚ لەو قسانە بگرم.

**خەلیل:** گێلاس ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ من هەموو ئەمانەم لەپێناوی تۆدا کرد.

**گێلاس:** بۆ لەپێناوی مندا؟

**خەلیل:** ئەگەر ئەسپەشێم بۆ سەلیم بەگی باوکت نەهێنایە بۆ من نەدەبوویت.

**گێلاس:** راست ناکەیت، ئەو شەوەت لەبیرچووەوە پێم وتی خەلیل بنێرە خوازبێنیم..

**خەلیل:** چوومە خوازبێنیت، باوکت رازی بوو، بەڵام بەو مەرجەی من ئەسپەشێی بۆ بفڕێنم.

**گێلاس:** پێم ووتی ئەگەر باوکم رازی نەبوو دەڕۆین بۆ شوێنێك پێمان نەزانن.

**خەلیل:** بۆ کویێ بڕۆشتینایە؟ روومان لەکویێ بکردایە؟ ووتم ئەگەر ئەم کارە بۆ سەلیم بەگ بکەم، سەروەت‌و سامانێکی زۆرو موڵکێکی فراوانم دەستدەکەوێت. لەهەمووی گرنگتر دەبمە بەگ‌و خاوەن دەسەڵات، تا ژیانێکی بەختەوەرت بۆ دابین بکەم.

**گێلاس:** بۆ من نا، بۆ خۆت.

**خەلیل:** گێلاس شێتم دەکەیت؟ من لەپێناوی خۆشەویستی تۆدا ئەم ڕێگە سەختەم گرتەبەر. تۆش..

**گێلاس:** نەخێر. ئێستا بۆم دەرکەوت تۆ لەیەکەم رۆژی یەکترناسینمانەوە منت خۆشنەویستووە، بەڵکو ویستووتە بەهۆی منەوە سەروەت‌و سامانەکەت زیاد بکەیت، موڵکەکانت زۆر بکەی، کچی سەلیم بەگ بێنی تا ببیتە بەگ‌و دەسەڵاتت هەبێ.

**خەلیل:** گێلاس ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ مێشکم تێکدەدەیت؟

**گێلاس:** کاتێکیش سەروەتەکەت لەدەستدا دیسانەوە منت کردەوە هۆیەك تا ئەوەی لەدەستت چووە بەدەستی بخەیتەوە.

**خەلیل:** وا نییە گێلاس گیان، وا نییە، هەموو ماڵ‌و موڵکی دونیا دەکەم بەساقەت. من تۆم خۆشدەوێ.

**گێلاس:** بەڵام من ئێستا رقم لەخۆشم دەبێتەوە، چونکە کەسێکی وەکو تۆم خۆشویست. خەلیل تۆ خۆەویستیت کوشت، رقت دروستکرد، رق.

**خەلیل:** گێلاس گیان ئەوە تۆ باسی چیدەکەیت؟! من‌و تۆ سبەینێ زەماوەند دەکەین.

**گێلاس:** من‌وتۆ، نا.. مەحاڵە.

(سەلیم بەگ‌و کوێخا مەحمودو مەلا حەسەن دێنە ژوورەوە)

**سەلیم بەگ:** خەلیل دەستەڕاستەکەم، ئەوە لەگەڵ گێلاسیت. دەمێکە بەدواتا دەگەڕێم.

ئەرێ تێرتان نەخوارد لەقسە چاوەکەم. دە تاوێ واز لەگێلاس بێنەو وەرە بەلای مامی خۆتەوە، ئیشم پێتە. نازانم ئەسپەشێ بۆ وا شێتگیر بووە. نایەڵێ کەسی لێنزیك بکەوێتەوە، ئەوەی بچێت بەلایدا بەجووتەو قەپاڵ پارچە پارچەی دەکات.

**خەلیل:** بەگم کەسێك دەتوانێت لەئەسپەشێ نزیك بکەوێتەوە کە هۆگری خۆی جڵەوی دابێتە دەستی.

**کوێخا مەحمود:** ئەمە بۆیە هیچ یەکێك لەو حەکیمانەی هێنامانن سەری نەیانتوانی چارەی بکەن.

**خەلیل:** بەگم لەم شارەدا تەنها من دەتوانم لەئەسپەشێ نزیك ببمەوە، تۆ خەمی ئەوەت نەبێ بەگم. من خۆم لەگەڵت دێم بۆ ئەستەمبوڵ، تا بیکەیتە دیاری بۆ سوڵتانی مەزن. بەڵام بەگم ئەم کچەی تۆ مێشکی تێکداوم خەریکە شێتم دەکات.

**سەلیم بەگ:** دڵ لەدڵ نەدەن، دەبێ زەماوەندێکتان بۆ بگێڕم، زەماوەندی وا تا ئێستا نەگێڕدرابێ، هەرچی بەگ‌و ئاغایان‌و ئەشرافی وڵات هەیە بۆ زەماوەندەکەتان بانگ دەکەم.

**خەلیل:** قوربان زەماوەندی چی؟ فەرموو بزانە خانمی کچت چی دەڵێت؟

**گێلاس:** باوکە باپێت بڵێم، من شوو بەم کابرایە ناکەم.

**سەلیم بەگ:** بۆ؟

**گێلاس:** شووی پێناکەم‌و بڕایەوە.

**سەلیم بەگ:** گێلاس چاوت بکەرەوەو باش گوێ بگرە، ئەگەر شووی پێنەکەیت دەزانی چیت لێدەکەم؟

**گێلاس:** چیم لێدەکەیت، لێمبکە.

**سەلیم بەگ:** زوڵفت دەبڕم.

**گێلاس:** بیبڕە.

**سەلیم بەگ:** دەتکەمە ژوورێکی تاریکەوەو دەرگاکەشت لێ کلۆم دەدەم.

**گێلاس:** بیکە.

**سەلیم بەگ:** نایەڵم نان و ئاویشت بدەنێ.

**گێلاس:** مەیەڵە.

**سەلیم بەگ:** هەر رازی نەبوویت دەتخنکێنم.

**گێلاس:** بمخنکێنە.

**سەلیم بەگ:** هەی نارەسەن، رووبەڕووم دەبیتەوە، رقە بەرایەتیم دەکەیت؟!

**مەلا حەسەن:** قوربان خۆت سەغڵەت مەکە، ئەمڕۆ کەی رۆژی توڕەبوون و پەستیە، ئەمڕۆ رۆژی خۆشی و ئاهەنگێڕانە.

(سەلیم بەگ هێمن دەبێتەوە، گێلاس بەتووڕەییەوە دەڕواتە دەرەوە)

**خەلیل:** بەگم گێلاس نیازی خراپە.

**سەلیم بەگ:** بەخێری خۆی نییە، بەشەق رازی دەکەم. تۆ دڵ لەدڵ مەدە، (خەلیل دەیەوێ بڕوات) بۆ کوێ خەلیل؟

**خەلیل:** گێلاس، بەگم، دەڕۆم بزانم چی لێهات.

(خەلیل دەڕوات، سەلیم بەگ و ئەوان پێدەکەنن)

**سەلیم بەگ:** بەمزووانە بەرەو ئەستەمبوڵ دەکەومەڕێ، تا دەرباری سوڵتان ناوەستم، دەڵێم گەورەم ئەوە ئەسپەشێ پیرۆزت بێت.. دەڵێم پیرۆزبێت ئەوە یاخیبووان و ئاژاوەگێڕانم لەناوبرد، تەفروتوونابوون.

**کوێخا مەحمود:** سوڵتانیش خوا پایەداری بکات دەستوبرد باوەشت پیا دەکات و ئەملاولات ماچ دەکات، سوپاس و ستایشێکی زۆرت دەکات و سەلیم بەگ لەئێستاوە تۆ راوێژکارو دەستەڕاستی منی، پیرۆزت بێ.

**مەلا حەسەن:** پیرۆزت بێ بەگم.

**سەلیم بەگ:** با جارچی لەسەرانسەری وولاتدا جاڕبدات، هەرچی شایەرو حیکایەتخوان هەیە لەکۆشکی سەلیم بەگ ئامادەبن، پێشبڕکێیان بۆ ساز دەکەم، هەر شایەرو حیکایەتخوانێك جوانترین داستان دەربارەی ئەم مەردایەتی و قارەمانیەتیەی من کردوومە بهۆنێتەوە گەورەترین خەلاتی دەکەم. دەبێ ئەم قارەمانیەتیەم ببێتە داستان و تا دونیا دونیایە دەماودەم بگێڕدرێتەوە.

(لەدەرەوە دەنگی حەمەپاڵەوان دێت هاوار دەکات "بەگم فریابکەوە، گەورە فریا بکەون". حەمەپاڵەوان بەپرتاو خۆی دەکات بەژووردا)

**حەمەپاڵەوان:** بەگم فریابکەون. بەگم ماڵمان کاول بوو.

**سەلیم بەگ:** چی بووە حەمە پاڵەوان؟

**حەمەپاڵەوان:** خەلیل.. خەلیل ئەسپەشێی برد.

**سەلیم بەگ:** بۆ کوێ، بۆ کوێی برد؟ نەیەڵن، لەدەستی سەننەوە.

**حەمەپاڵەوان:** بەگم خەلیل هات و هەر ئەوەندەی سواری ئەسپەشێ بوو، ئەسپەشێ وەکو تیسکەی تفەنگ دەرچوو..

**سەلیم بەگ:** ئاخر بۆ کوێ، خەلیل ئەسپەشێی بۆ کوێ برد؟!

**حەمەپاڵەوان:** بەگم بەسواری ئەسپەشێوە رووی لەمن کردوو ووتی بەسلیم بەگ بڵێ ئەوا خەلیل ئەسپەشێ دەبات بۆ سوڵتانی مەزن و وەکو دیارییەکی مەزن پێشکەشی سوڵتانی دەکات..

(سەلیم بەگ و ئەوانەی لەگەڵیدان سەریان سوڕدەمێنێ)

**سەلیم بەگ:** (لەگەڵ حەمەپاڵەوان) هەی نانەجیب چاك ئەم هەموو ماوەیەت بەهیچ بەفیڕۆدام، ئەگەر ئەو تەگبیرو پلانەی تۆ نەبووایە من دەمێك بوو ئەو شاخ وکێوانەم بەسەر ئەو یاخیبووانەدا

نغرۆکردبوو، ئەو کاتە بەدەستی خۆم ئەسپەشێم دەگرت‌و دەمبرد بۆ سوڵتانی مەزن.. ئای چ فرسەتێکی گەورەت لەدەستدام.. وەکو ژن سەردامەخە، دەستوبرد بکە کۆمەڵە سوارێك لەگەڵ خۆت بەرەو دوای خەلیل بکەون، یان دەبێ خەلیلم بەدیلی بۆ بێنیتەوە یان سەرت لەجەستەت دەکەمەوە. دەبڕۆ دەی..

(حەمەپاڵەوان ترس دایگرتووەو شپرزەو سەرلێشێوانە دەڕواتە دەرەوە)

(تاریکی)

**دیمەنی هەشتەم**

(مەیدانێکی گشتی.. هۆگرو جەوهەر وەکو ئەوەی لەکۆتایی دیمەنی شەشەمدا بینیمانن، لەیەکتر مۆڕدەبنەوەو بوونەتە دوو پەیکەر لەو مەیدانە گشتییەدا دانراون).

(کۆتایی)

**سەرنج:**

***سوود لەم دوو نووسینە وەرگیراوە:**

1.ئەفسانەی (کوێر ئۆغڵی)، نووسینی: یەشار کەمال، وەرگێڕانی: شکور مستەفا.

2.کوێر ئۆغڵی‌و کەچەڵ حەمزە، نووسینی: سەمەدی بەهرەنگی.

*ئەم دەقی شانۆییە بۆ یەکەمجار لە1991/12/10 لەسەر شانۆی هۆڵی ڕاپەڕین- زانکۆی سلێمانی-نمایشکرا، لەلایەن کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد-مەڵبەندی گشتی.